# ئەوانەی بێ خوێندنەوە خەریکی نوسینن



**محمد حسين**
hemeh@maktoob.com

بۆئەو کەسانەی لەکایە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریدا کارئەکەن وەك چۆن بۆمانەوەی فیزیکیان ڕۆژانە خۆراکیان پێویستە وەهایش بۆمانەوەی ڕوناکبیریان ڕۆژانە خوێندنەوەیان پێویستە ( کەلێرەدا زۆرگونجاوە گەر ناویشی بنێن خۆراکی مێشك ) . برسێتی مێشك لای ئەو نوسەرو کادیرانەی بوارەکانی ڕاگەیاندن وەك برسێتی گەدە نیە کەهەر خۆی پێیەوە بپلێتەوەو کەسی تر پێی نەزانێت , بەڵکو ئەم برسێتیە گرفتێکە ڕوپۆشی هەمو عەیبەکانی تریشی هەڵئەداتەوە . ڕاستە هەلومەرجەکان و پرۆسەی خوێندەوەیش بۆخۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە , ئەمرۆ شاڵاوی ماسمیدیای جیهانگیرو و دەسکەوتە تەکنۆلۆجیەکانی ئەو دیاردەی بەشۆڕشی (ئینفۆرمەیشن ) ناوئەبرێت بەتەواوی کولتوری خوێندنەوەی خستۆتە ژێرپرسیارەوە . هاتنە ئارای کەناڵە فەزاییەکان و ئینتەرنیت ئەو ڕۆڵەی‌نوسین و کتێب و و ڕۆژنامەی خوێندراوەی نەهێشت کەئەوسا هەیبوو . بەڵام تائێستایش هەر خوێندنەوە سەرچاوەی بنەڕەتی وەرگرتنی زانیاریە , ئیدی شێواز و ئامرازەکانی خوێندنەوە ئەگۆڕێت ئەوە کێشەیەك نیە , گەرلەبەرشاشەیەکی ئەلکترۆنیدا بخوێنیتەوەو لەسەر لاپەڕەکانی کتابێکی ئاسای بێت , لەتۆڕی ئینتەرنێتەوە بابەتی خوێندنەوەت وەرتگرتبێت یان لە کتێبخانەی شارۆچکەکەی خۆتەوە بێت , دواجار ئەوەی هەیە هەر کردەی خوێندنەوەیە . هەمووجارێك ئێمە هەر گوێبیستی ئەو گلەییانە بووین کەلە لاوازی کولتوری خوێندنەوە ئەکرێت لەولاتی خۆماندا , باس لەوە کراوە زۆرئەنوسرێت و خوێنەرمان نیە , یان زۆربەی ئەو خوێندەوارانەی پلەکانی خوێندنی فەرمی ئەبڕن فێری ئەوە نەکراون بەساڵی جارێك کتێبێك بکڕن و بیخوێننەوە . ئەمە واقعێکە و هەمومان ئەیبینین , بەڵام وادیارە کێشەکە هەر بەمەوە نەوستاوەو ئێستا خەڵکانێکی تریش دروست بوون کەنوسەرن و هیچ ناخوێننەوە , یان ڕۆژنامە نوس و ڕیپۆرتێرو پەیامنێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن و کەچی هیچ ناخوێننەوە . تەماشاکردنی ئەو کادیرانەی دەزگا جۆربەحۆرەکانی ڕاگەیاندن ئەبەنە ڕێوە بەسە بۆئەوەی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەلەوانەیە لەزۆردەزگادا زۆرینەی کادیران پێك بێنن لەو نوسەرو ڕۆژنامەنوسانەمان بۆدەرکەوێت کەتەواو نامۆن بەنەریتی خوێندنەوە . تاڕادایەك ئاستی یەکەمی کێشەکە بەجۆرێك لەجۆرەکان تێی ئەگەین . چونکە ئەمە کۆنەو هەموو میلەتانی دەورو پشتی خۆمان و بەڵکو هەموو وڵاتانی کەناریش بەدەست هەمان کێشەوە ئەناڵێنێت , بۆنمونە لەڕاپۆرتی ساڵی 2002 نەتەوە یەکگرتوەکان دەربارەی پرۆسەی گەشەکردن لەوڵاتانی عەرەبیدا هاتوە " کۆی ئەو کتابانەی کەوەردەگێڕرێن بۆسەرزمانی عەرەبی ساڵانە 330 کتابە کەئەمەش ئەکاتە پێنج یەکی 5/1 ئەو کتابانەی کەوڵاتێکی بچوکی وەك یۆنان کەدانیشتوانەکەی ناگاتە 10 ملیۆن کەس ساڵانە وەری ئەگێڕنە سەر زمانەکەی خۆیان . کەحاڵی 22وڵا تی عەرەبی بەم جۆرە بێت ئەوا مەپرسە کوردستان ئەبێت لەچ وێرانەیەکدا بێت بەبەراورد بەو بایەخە جدیەی ئەمرۆ وڵاتانی دنیا بەدابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندنەوەو فێرکردنی ئەدەن . گەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم فاکتانەدا ئیمە گلەیی لە نەخوێندنەوەی هاوڵاتیە ئاساییەکانمان نەکەین ئەوا نەخوێندنەوەی نوسەران و کادیرەکانی ڕاگەیاندن ناچنە چوارچێوەی نەئەم پاساوەو نەهیچ پاساوێکی تریشەوە . باشە گەر ئەم بەڕێزانە ناخوێننەوە ئیتر کاریان چیەو ئەبێت چیتر بکەن , یان ئەبێت چاوەڕوانی چ داهێنان و جدیەتێکیان لێبکەین کەئەوان خۆیان لەبنەڕەتدا هیچ نەخوێننەوە .

دیارە نەخوێندنەوە ی ئەوانەی کەبەکاری نوسین و ڕوناکبیریەوە خوویان گرتووە دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانەوەی ڕستێك جەهلی تر لەشوێن وبوارە جیاوازەکانی تردا , جەهلی هەمووکەسێکیش لێخۆشبونی بۆهەبێت ئەوا جەهلی ئەوانەی دەم لەمەسەلە ڕوناکبیریەکان ئەدەن نابێت هەروابەئاسانی تێپەڕێت , چونکە کەس ناچاری نەکردووە بێت نەزانانە قسەلەسەر ئەو مەسەلانە بکات کەزانیاری قسە لە سەر کردنی نیە , ئەبوایە ڕوناکبیران پێش هەمو کەس دەرسیان لەو پەندە وەرگرتایە کەئەڵێت " گەرنەزان بیت و بێدەنگ بیت زۆرلەوە باشترە بێیتە دەنگ و نەزانینەکەت بۆهەموان دەربخەیت " .ئەمرۆ زۆرو بۆری بڵاو کراوەکان فەزایەکی وای دروست کردووە مەسەلەی ڕێزگرتن لەئاستی تێگەیشتن و زەین و هۆشیاری خوێنەران بەتەواوی فەرامۆشکراوە , هەرکەس هەڵئەسێت ڕۆژنامە دەرئەکات و ئەنوسێت و بڵاو ئەکاتە وە ,بەبێ لانی کەمی ڕەچاوکردنی چۆنیەتی ئەو

نوسینانەی لەو بلاْوكراوانەدا بلاْوئەبنەوە . دیارە هیچ سلبیاتێكی لەم جۆرە نابێت وامان لێبكات كەباوەڕمان بەئازادی نوسین و بلاْوكردنەوە جێلەق بێت , بەلاْم لەهەمان كاتیشدا چییەتی ئەو نوسینانەیش بلاْو ئەبێتەوە دەبێت ڕەچاو بكرێت و هەق نیە هەر وابەئاسانی بەسەرمانا تێبپەڕێت , نوسەرێك كەكتێبخانەیەكی نەبوو لەماڵەكەی خۆیدا بەچی بنوسێت و چی ئەنوسێت ؟ ڕۆژنامەنوسێك كەهەموو سەرچاوەكانی كورت ببێتەوە بۆ هەواڵەكانی كەناڵە فەزاییە كوردیەكان كە 24 سەعات دوای هەموو كەناڵەكانی تری دنیا زانیاریەكانیان بەبینەر ئەدەن بێگومان هەربەو كۆڵەواریەی خۆیەوە ئەمێنێتەوە . هەربۆیە گەرتەماشابكەین ئەنجامەكانی ئەم پشت هەڵكردنەی نوسەران و كادیرەكانی ڕاگەیاندن لەخوێندنەوە بەشێوەیەكی كۆمیدیانە لەسەر ڕوپەڕی ئەو ڕۆژنامانە ئەبینین كەڕۆژانەو هەفتانە دێتە پێش چاومان , ڕۆژنامە نوسی وامان هەیە كەڕیپۆرتاژەكەی ئەخوێنیتەوە ئەڵێی لەخەوەكەی ( ئەسحاب الكهف ) دەوە گەڕاوەتەوە , هەر لەبابەتەكەیەوە تائەگاتە پرسیارو ئەنجام گیری و ئەوكەسانەیش كەلەدەورو پشتی خۆیدا دواندونی بەمسقاڵ بۆنی ئەو كێشانەی لێ نایەت كەئەمڕۆ خەڵكی ئەم وڵاتە حەزدەكەن زانیاریەكیان دەربارەی هەبێت , برادەری واهەیە گوایە تەفەڕوغی كردووە بەس بۆبواری چاوپێكەوتن ,بەلاْم لەوەتەی هەیە هەر چوارپرسیاری هەیەو لەهەمووكەس دوبارەی ئەكاتەوە ( كەی دەستت پێكرد ؟ كێشەكانتان چیە ؟ لەڕێگەی ڕۆژنامەكەمانەوە چی بەخوێنەران ئەڵێیت ؟ دواوتەت چیە ؟ ) . ئاو بێنەو دەست بشۆ ... لەو كاتەوە ئەم برادەرە دەستی كردۆتە كاری ڕۆژنامە گەری هێندەی یەك سەدە گۆڕانكاری لەم ناوچەیەدا ڕویداوە كەچی ئەو بەڕێزە پرسیارەكانی خۆی هەر نەگۆڕی !! . گەر تەماشای ئەو ڕۆژنامەو سایتانە بكەین كە كوردین و بەزمانی عەرەبی دەرئەچن ئەوا وەك چیرۆكەكانی عەزیز نەسین پڕن لەهەڵەی پێكەنیناوی كەهەموی دەلالەت لە نەبونی كەمترین خوێندەواری ئەكات . بانمونەی دووهەڵە بێنینەوە : بەم دواییانە بەڕێزێك لەیەكێك لەم دەزگانەدا - جامعە العربی - كردۆتە زانكۆی عەرەبی , لەجێگەی ئەوەی بیكاتە كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی , من دڵنیام ئەو هاوڵاتیانەیش كەلەكوێرەدێكاندا بەڕادیۆیەكی قیسارەوە گوێ لەهەواڵەكان ئەگرن هەڵەی وایان بەسەردا تێناپەڕێت كەچی ئەم ڕۆژنامە نوسە عەرەبی زانە لێی بێئاگایە , یان یەكێكی تر لەو ڕۆژنامانەی كەلەسلێمانی بەزمانی عەرەبی دەرئەچێت لەمانشێتەكەیدا ڕەوتی نیشتمانی كوردستانی كردۆتە — مسیرە الوگنی الكوردستان — كەئەمە ڕێك بەمانای ڕێپێوانی نیشتمانی كوردستان دێت .

دیارە ئەم بێتفاقیە ڕۆشنبیریە هەر بەوەوە ناوەستێت كەلەم جۆرە هەڵە كۆمیدیانەیان بەسەردا تێبپەڕێت بەڵكو دیاردەی دروست بونی ڕۆژنامەوانی مشەخۆرو ماستاوچیشی بۆبەرهەم هێناوین . ئەو ڕۆژنامەنوسانەی كەبۆدەسكەوتی تایبەتی بچوكی خۆیان كاربەدەستەكان ئستغلالیان ئەكەن و بۆبەهێزكردنی ( ئیگۆ ) بایەهوایی خۆیان چاوپێكەوتنی تەشریفاتیان پێ سازئەكەن , بەرپرسی وامان هەیە لەناو خانەوادەكەی خۆیشیدا كەس لێی ڕازی نیە كەچی لەڕێگای ئەم ڕۆژنامەنوسانەوە كراوەتە گیڤارا لەخوێنەری كورد .

وەك چۆن ناكرێت قەت چاوەڕێی ئەوە لەشاعیران بكەین ببنە جەلاد ئاوەهاش نابێت چاوەڕێی ئەوە لە ڕۆژنامە نوسان بكەین بژێوی ژیانیان بەماستاوچێتی دابین بكەن , گەر ماستاوكردن بۆهەمووكەسێك گونجاو بێت ئەوا ئەوانی پێناشیرین ئەبێت . كە وترا ڕاگەیاندن ئیتر مەسەلەی بون بەدەسلاْتی چوارەم لەخەیاڵگەی هەموماندا دروست ئەبێت , یان ئەو وێنە زاڵ و باوەی مرۆڤی كورد بۆڕوناكبیران و نوسەرانی هەیە هەمیشە وێنەی كەسێكە كە چاوەڕێی هەڵوێستی جدی و جۆرێك لە ( سۆپەرمانیی ) لێئەكرێت , بەلاْم وادیارە ئەم وێنە ئایدیالیستە ڕۆژلەدوای ڕۆژ زیاتر ئەڕوشێت . چونكە ناكرێت دەسلاْتی چوارەم بەم كەسایەتیە شێواو لاوازانە دروست بكرێت , كەئەو خۆی بەماستاوكردنی ئەم و ئەو بژی ناتوانێت دەسلاْتی چوارەم و چاوی ڕەخنەگری كۆمەڵگابێت , ئەمانە وەك قورێكی شل وەهان كەهەرگیز چاوەڕێی ئەوەیان لێناكرێت ئەو تۆزە جدیەیان لێ هەڵسێت .

ئەو ئەنجامە خراپانەی كەلەدروستبونی ئەم توێژە نوسەرو ڕۆژنامەنوسەوە دێتە بەرهەم هەر ئەوە نیە كەدەبنە فاكتەری چەسپاندن و قایم كردنی ئەو گەندەڵیانەی كەڕۆژانە هەمومان بەحاكم و مەحكومەوە هاوارمانە لەدەستی , بەڵكو مەترسی زۆرخراپی ئەمانە لە ئەركە ڕۆژانەییەكانیاندایە بۆشێواندنی تێگەیشتن و زانیاری و ڕۆشنبیری خەڵكی . ئەمانە پابەند نین بەهیچ نۆرم و بەهایەكی ڕوناكبیریەوە , هیچ میتۆدو ڕێسایەكی بیركردنەوەو قسەكردنیان بەلاوە گرنگ نیە , هەر ئەوەندە باشە ئیعازیان وەرگرت ئیتر ئامادەن — لەیەك كاتدا ئەمریكات بۆبكەنە فریادڕەس و داگیركەریش , ئێرانت بۆبكەنە دۆستی دێرینی گەلەكەمان و داگیركەری كوردستانیش ,بەبالاْی برایەتی كوردو عەرەبدا هەڵئەدەن و بەشێوەیەكی هیستریش جنێو بەجەعفەری و زۆرجار هەموو عارەبیش ئەدەن , ڕۆژی یەكشەمە داوای ڕیفراندۆمێك ئەكەن بۆئەوەی گەلەكەمان لەڕێگایەوە مافی چارەی خۆنوسین دیاری بكات و ڕۆژی چوارشەمەیش دەڵێن نەخێر فیدراڵیەت باشترین چارەسەرە بۆئەم قۆناخەی ..., بەم جۆرەو لەسیاقی هەموو بابەتێكدا دەیانبینین كەچۆن یەك چركە بەفیڕۆنادەن بۆوردكردنەوەی سەرگەردانیە فكری و سیاسیەكانی خۆیان بۆبەرچاوی خوێنەری كورد .ئێمە لەم نوسینەدا تەنها مەبەستمان ئەو كەسانە بووە كەبەڕاستی ئەنوسن و ناوی ناو ڕۆژنامەكانن گەربێتو بچین لەناو ڕادیۆو T.v یەكاندا دەست كەینە پشكنینی ئەو تواناو قابیلیەتانەی كەبونەتە عەقڵی بەڕێوبەری ئەو دەزگانە بێگومانم حاڵیان خراپتر نەبێت لەڕۆژنامەكان ئەوا باشتر نیە , چونكە لەوێ كەم و كوڕیەكان باشتر ون ئەبن و ئەكەونە پێچ و پەناوە .